# مادۆنا بەنیازی گەشتێکی نێودەوڵەتییە

خانمە گۆرانیبێژی بەناوبانگ (مادۆنا ) بەنیازە گەشتێکی هونەری نێودەوڵەتی لە مانگی ئابی داهاتوو ئەنجامبدات، هاوکات ئەلبوومە تازەکەی دەکەوێتە بازاڕەوە. ئەستێرەی موزیکی پۆپی ئەمریکی رایگەیاند بەنیازە لەمیانەی گەشتە هونەرییەکەیدا لە ئەوروپا دوو ئاهەنگی گەورە لە هەردوو شاری پاریس و لەندەندا بگێڕی، پاشان لە ئەمەریکا چەند ئاهەنگێک ساز بکات.



## تەمەنی ٧ساڵەو پسپۆڕە لە کۆمپیوتەردا

منداڵێکی تەمەن ٧ ساڵ وەک پسپۆڕێکی بواری کۆمپیوتەر ناوبانگی لەجیهاندا دەرکرد. ئەو منداڵە ناوی (نیو زای)ە و خەڵکی وڵاتی چینە و لە پۆلی یەکی سەرەتاییە کەچی بچوکترین تەکنیککاری زانیارییەکان لە هەریچمی خوانگسی. نیو زای لە تەمەنی سێ ساڵیدا لە بەرنامەکانی ویندۆزی ٩٨ و ویندۆزی xp هەبووە، ساڵێک دواتر توانیویەتی بەرنامەکانی DOS و یاری داگرتنەکان بەکاربێنی. دایک و باوکی ئەو منداڵە یارمەتیدەری سەرەکی بوونە بۆ گەیشتن بۆ ئاستە.

## شیر لە چاوی دەردەهێنێ



مۆدەی دەرهێنانی شیر لە چاوەکان لە هیندەوە گوازرایەوە وڵاتی چین، ئەوەتا (زانمینینگ) کە خەڵکی شاری نانگینگی چینییە لەنێو سەرسوڕمانی و چەپڵەڕێزانی ئامادەبواندا شیر لە چاوی دەردەهێنی، هەر ئەو کابرایە توانی بە گوێیەکانی هەوا بکاتە نێو دوو میزڵدان.

## کازم ساهیر 2 ئاهەنگ لە هەولێر ساز دەکات



وا چاوەڕوان دەکرێت بەمزووانە گۆرانیبێژی عێراقی کازم ساهیر سەردانی ئوستralیا بکات بۆ وێنەگرتنی گۆرانی (فرشە البحر) لەدەرهێنانی دەرهێنەری ئوسترالی راشیل.

پاش ئەم سەردانە، چاوەڕوان دەکرێت سەردانی شاری هەولێر بکات و 2 ئاهەنگی تێدا ساز بکات، دووایش گۆرانییەکی نوێ لەسەر بەغدا تۆمار دەکات.

## یاری لەگەڵ مەرگدا



هەندێ کەس بۆئەوەی ناوبانگ پەیدا بکەن ئامادەن هەموو شتێک بکەن، ئەوەتا هەندێ کەس مار لەکونە لووتیانەوە تێدەپەڕێنن و لە دەمیانەوە دێتە دەرەوە.



أسماء الألوان / تصميم ليرةو لةوي / الصفحة: ٧٦ / ٢/٦/٠٨ / 4:54 AM

# مانگایەک بەقەبارەی فیل

ئەم مانگایە ناوی (شیللی)یە ٧ پێ بەرزەو کێشی لە یەک تەن زیاترە واتە هێندەی فیلێکە، بەمەش ئەگەری ئەوە هەیە ناوی وەک گەورەترین مانگا لە جیهاندا تۆمار بکرێت. ئەم مانگایە تەمەنی ٩ ساڵە و تەنیا گژوگیا دەخوات کەچی قەبارەی بەو شێوە سەیرە زیادی کردووە.



# قاوەخانەیەک بۆ ئەوانەی حەزیان لە گریانە!

لە رۆژهەڵاتی وڵاتی چین قاوەخانەیەک کراوەتەوەو تایبەتە بەو کەسانەی کە پەیوەندی سۆزدارییان کۆتایی پێهاتووەو دەیانەوی بە گریان خۆیان هێمن بکەنەوە. لەوکاتەی خەمبارەکان دەگرین، بۆیەکانی قاوەخانەکە دەستسڕو رۆنی نەعناعیان بۆ دێن بۆئەوەی ئارام ببنەوە، هەروەها بەر لەوەی بگرین پیازو بیبەری سوور بۆ ئەوانە دێن کە حەز دەکەن فرمێسک برێژن.



# پایسکیلی رووبەڕوو

لە تایوان جۆرە پایسکیلێکیان داهێناوە کە ئەو دوو کەسەی سەردەکەون رووبەڕووی یەکتر دادەنیشن بۆیە ناوی لێنراوە (رووبەڕوو). خاوەنی بیرۆکەی ئەم پایسکیلە دەڵێ: بە ساڵێکی تەواو توانیم ئەمە دروست بکەم، هیوای خواست وڵاتانی جیهان سوودی لێ وەربگرن. داهێنەری ئەم پایسکیلە پێی خۆش نەبوو دوو کەسی خۆشەویستی یەکتر لەمکاتی لێخوڕیندا رووی یەکتریان لێ دیار نەبێت. ئەمەو دایک و باوکان دەتوانن لەکاتی سەرخستنی منداڵەکانیان سوودی لێ ببینن.



# ماتۆڕێکی سەیر

خۆشەویستی پارێزی وادەکات هەوادارانی پاراستنی بیر لەڕێگەی جۆراوجۆر بکەنەوە، ئەوەتا (بن بولاک) کە گەنجێکی خەڵکی وڵاتی کەنەدایە ماتۆڕێکی دوو تایەی داهێناوە، بەڵام لەبەرئەوەی هەردوو تایەکە لە تەنیشت یەکە هەستی پێناکرێ کە دووانە. ئەم ماتۆڕە ژینگە پارێزە بە وزەی کارەبا کار دەکات و داهێنەرەکەی پێیوایە بەکارهێنانی ئەمە واتە کەمکردنەوەی بەکارهێنانی ئۆتۆمبێلە بەمەش ئاستێک بۆ پیسبوونی ژینگە دادەنرێت.



# باسکال مەشعەلانی خەون بەدایکایەتی دەبینێ

لەدیمانەیەکی لەگەڵ گۆڤارێکی عەرەبی و لەوەڵامێکدا دەربارەی ژیانی تایبەتی خۆی، کچە شۆخ و شەنگی لوبنانی باسکال مەشعەلانی دەڵێ: هەردەم خەون بەو رۆژە دەبینم کە وەکو هەر ئافرەتێک منیش ببم بە دایک و منداڵی خۆم لەباوەش بگرم، بەڵام ئێستا ناتوانم ئەو خەونە بێنمە دی چونکە پێموایە دەبێتە رێگر لەبەردەم کاری هونەرییم، کە لەگەڵ خوێنم تێکەڵ بووەو ناتوانم حاڵی حازر وازی لێبێنم.

سەرکار حوسێن



أسماء الألوان / تصميم ليرقو لةوي / الصفحة: ٧٧ / ٢/٦/٠٨ / 4:54 AM